# خۆتان مەكوژن وەرن لەگەڵ ئێمە خەبات بكەن

هیدایەت مەلا عەلی



هاوڵاتی لە ژمارە " 257 " ی ڕۆژی چوارشەممە ڕێكەوتی 18ـ 1 ـ06 لە یەكێك لە بابەتەكانیدا باسی ئەوە دەكات كە لە ساڵی 2005 دا بەپێی ئامارەكانی نەخۆشخانەی گشتی سلێمانی" 260 "كەس خۆیان دەرمانخوارد كردووە بە نیازی خۆكوشتن , هەر بەپێی هەمان سەرچاوە "250" كەس لەوانەی وویستویانە خۆیان دەرمانخوارد بكەن " كچان و ژنانن " و"50" كەسیشیان " كوڕان و پیاوانن " .

ئەو ڕێژەیەی كە لەم بڵاوكراوەیەدا هاتووە بە دڵنیایەوە بەشێكی كەمە لەو هەوڵانەی كە دەدرێت بۆ خۆكوشتن و كۆمەڵگا پێیان دەزانێت و ناویان تۆمار دەكرێت , ئاخو چەند كەس لە نێو كۆڵان و گەڕەكەكان یان لە گوندو ناوچە هەژار نشینەكان دەبنە خۆراكی دەستی مەرگ و سەدان ئینسان ژیانی خۆیان ئەكەنە قوربانی مشتێ حەب یاخود چەند غرامێك دەرمانی مشك , بەڕاست دەرمانی مشك خۆراكی ئینسانە , بەڕاست خەردەل و سیانید بۆ هەڵمژین و هەناسەدانە , بەڕاست زیندان جێگای حەوانەوەو ژیانە .

نەخێر ئەمانە هیچیان شیاو شایستەی ژیانی ئینسانەكان نین , بەڵكو ئەم دیاردانە دیاری دەستی دەسەڵاتدارانن بۆ خەڵكی مەحروم و برسی, كەواتە خەڵكی بۆچی خۆیان دەكوژن ؟ بۆچی دەستیان دەچێتە خۆیان؟ بۆچی مەرگیان پێ باشترە لە ژیان ؟ من سەرەڕای ئەوەی دژایەتیەكی سەخت و ڕەخنەیەكی جیدیم هەیە لەو كەسانە ئەم ڕێگاچارە هەڵدەبژێرن بۆ چارەسەری كێشەكانیان , بەڵام هۆكاری سەرەكی بۆ ئەنجامدانی ئەم كارە دژی ئینسانی و دژی خۆییە , بە دەسەڵاتی ناعەدالەتانەی دەسەڵاتداران دەزانم كە ناتوانێت وەڵام بە سەرەتایترین داواكاری و پێداوویستیەكانی ژیانی خەڵكی بداتەوە .

لە كوردوستان ڕۆژ بە ڕۆژ ڕێژەی بڵاوبوونەوەی مادەی بێهۆشكەر لە زیادبووندایە , ڕۆژ بە ڕۆژ بێكاری و بێ ئومێدی لای لاوان بەرز دەبێتەوە , ڕۆژ بە ڕۆژ پرۆسەی پەروەردەو فێركردن دادەڕوخێت , ڕۆژ بە ڕۆژ یاساو دەستورەكان لەدژی ژنان و ئازادیەكان توندتر دەبێتەوە . دەسەڵاتداران لە كوردوستان بەردەوام دەسەڵاتیان هەڵدەچێت و خەڵكی كوردوستانیش بەردەوام ژیانیان دادەچێت , ئەم هاوكێشەیە ژیانی لای بەشێك لە ئینسانەكان ناشیرین كردووە , چ كارەساتێكە كاتێك مەرگ لە ژیان جاوانتر خۆی بنووێنێ و سەدان ئینسان بەدەستی خۆیان زەنگی مەرگی خۆیان لێبدەن , ئەوە دەسەڵاتدارانن بۆ كەڵەكەی سەرمایە و پڕ كردنی باخەڵی هەرگیز پڕ نەبوویان , ژیانی ئینسانەكان دەكەنە دۆزەخ و هەرچی ئومێدو ڕوانین هەیە لای ئینسانەكان ئەیكەن بە سەراب و لە كۆتاییدا بۆ هەر یەكێك لەو قوربانیانە چەند خۆزگەو حەزێكی وون بوو دەمێنێتەوە , كەسێك دەیووت لە ڕەگەزی مێینە تەنها دایكم دەناسم , كەسێكی تر دەیووت بۆیە زۆر دەخەوم بۆ ئەوەی بیر نەكەمەوە , كەسێكی تر دەیووت كە حەزم لە شتێك كرد وێنەكەی دەكێشم , ئەمانە چیرۆك نین كە من باسم كرد بەڵكو قسەو دەردە دڵی ئەو كەسانەیە كە دڵ و باخەڵ و سفرەمان بۆ یەكتر ئەكردەوە . ئەبێت لە سایەی هەلومەرجێكی ئاوادا ژیانی ئینسانەكان چ مانایەكی هەبێت , ئەم زەمینەیەیە ئینسانەكان بۆ خۆكوشتن بانگەواز دەكات ئەم بێمافیەیە لە پرۆسەیەكی پڕ ئازاردا ژیان تەسلیم بە مەرگ دەكات . دەسەڵاتدارانی كوردوستان بەرپرسی یەكەمن لە دیاردەی خۆكوشتن و نامۆ بوونی ئینسانەكان , دەسەڵاتدارانی كوردوستان خاوەنی هیچ هەنگاوێك نین بۆ باشتر كردنی ژیانی خەڵك و, هیچ پرۆژەیەكیان نیە بۆ كەم كردنەوەو كۆتای پێهێنانی دیاردەی خۆكوشتن , ئەم دەسەڵاتە لە بناغەدا خۆی سەرچاوەی ڕۆژ ڕەشی خەڵك و ئەم دیاردە ترسناك و دژی ئینسایەیە .

خۆكوشتن ڕێگا چارە نییە , خۆ كوشتن كۆڵانێكی داخراوە , خۆ كوشتن تاوانە بەرانبەر خۆو كۆمەڵگا , ئەم دیاردەیە ئەبێت توڕ هەڵدەین و نەیەڵین ئاگری مەرگی خۆكوژی خەرمانی ژیانی ئینسانەكان بسووتێنێ بۆ ئەوەی ژیان جوان ببینین , بۆ ئەوەی ژیان چرای دەستمان و مەرگ دیاردەیەكی سروشتی بێت , بۆ ئەوەی دەرمانی مشك نەبێتە خۆراكمان, بۆ ئەوەی گۆرانی بۆ عیشق و بۆ ئایندە بڵێین , ئەبێت خەبات بكەین بۆ گۆڕینی ئەو ژیانەی شایستەی ئینسان نییە , ئێمە بۆ ئەو خەباتە كاروانێكمان بەڕێخستووە , وەرن بەو كاروانەوە پەیوەست بن كە حیزبی كۆمۆنیستی كرێكاری عێراق ڕابەرایەتی دەكات .

بژی ژیان

بژی ئینسان